

# ئۆباما چۆن ئێراقی لەدەستدا؟

**جێفری تی. کوهەنر**

سیاسەتمەداری فەرەنسی، چارلس م. دی تالیراند گوتی: ئەمە لە تاوان خراپترە، ئەمە هەڵەیە. مەبەستی ناوبراو ئەو سیاسەتەی سەرۆک ئۆبامایە لەبەرامبەر ئێراق پەیڕەوی دەکات.

ڕۆژی سێشەممە لە پەیامێکی تەلەڤزیۆنیدا لە فەرمانگەی ئۆڤاڵەوە، ئۆباما بە بەفرمی کۆتایی هاتنی ((ئۆپەراسیۆنە شەڕوانییەکانی)) ڕاگەیاند. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە بە کشانەوەی دوایین فەیلەقی شەڕوانی ئەمەریکا توانیویەتی بەڵێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بباتە سەر لەبارەی کۆتایی هێنان بە جەنگ.

بەڕێز ئۆباما گوتی: ئۆپەراسیۆنی ئازادی ئێراق کۆتایی پێهات، و ئێستا خەڵکی ئێراق بەرپرسیارێتی ئاسایشی وڵاتەکەیان لەسەرە. ئەمە بەڵێنی من بوو بۆ خەڵکی ئەمەریکا کاتێک کاندید بووم بۆ ئەم پۆستە. بەهۆی ئەم هەنگاوە مەزنەوە لە مێژوو ئەمەریکا و ئێراقدا، ئێمە توانیمان بەرپرسیارێتی خۆمان جێبەجێ بکەین. ئێستایش کاتی ئەوەیە لاپەڕەکە ئاودیو بکەین.

نەخێر وانییە. بەڕێز ئۆباما بە نیگەرانییەوە دەیەوێت ئەم باسە دابخات، بەڵام ناتوانێت لەبەر ئەوەی جەنگ لە ئێراق کۆتایی پێنەهاتووە.

هێشتا 50 هەزار سەرباز ماون کە تا کۆتایی 2011 لەوێ دەمێننەوە. ئەوان بە ئەرکی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، و مەشقکردن و یارمەتیدانی هێزە ئەمنییەکانی ئێراق هەڵدەستن بۆ ڕووبەڕوونەوەی توندوتیژی بەردەوام. لە ڕاستیدا، توندوتیژی تیرۆریستی لە زیادبووندایە. بە بەردەوامی تەقینەوە ڕوودەدەن کە ڕۆژانە دەیان مەدەنی دەکوژن. ئێراق هەڕەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر سنووری نەتەوەیی و ئایینی پارچە پارچە ببێت ئەگەر بێتو هێزەکانی ئەمەریکا بە تەواوی کشانەوە. وڵاتەکە هێشتا لە چەقبەستنێکی سیاسیدایە، کە هێشتا حکوومەتێکی چالاک بوونی نییە لەوەتەی هەڵبژاردن لە سەرەتای ئەم ساڵەوە ئەنجام دراوە. بارودۆخەکە ناسک و مەترسیدارە.

ئێستا کاتی هەڵەیە ئەمەریکا بکشێتەوە. بەڕێز ئۆباما باس لە دۆڕاندن دەکات بە گوتنی سەرکەوتن. هەر لە سەرەتاوە بەڕێز ئۆباما لە دژی جەنگ بوو. لیبرالیزمیە دژە جەنگییەکە خالی یەکلاکەرەوەی بردنەوەی پالاوتنی سەرۆکایەتی حزبی دیموکرات بوو لە 2008. ئەو بە بەردەوامی پشتیوانی سەرەتای هیلاری کلینتۆن لە جەنگەگە لە کاتی هەڵمەتی نێوخۆیی حزبی دیموکرات لە دژی ئەو بەکاردەهێنایەوە. ئێراق ئەو مەسەلەیە بوو کە ئەوی گەیاندە لوتکە. ئەنجا، بەڕێز ئۆباما هەرگیز جەنگەکەی بەلاوە گرنگ نەبووە، هەر لە ئامانج و هۆکاری و ئامانجە گەورەکانی. بەلای ئەوەوە، ئەوە جەنگی جۆرج بوش بوو.

ئەنجا، بەڕێز ئۆباما ڕێ ناکات بۆ چوونە دەرەوە، بەڵکو بۆی ڕادەکات. ئەو وا بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت ئەمەریکا لە دوای 2011 ئەوە دەستبەرداری ئێراق دەبێت. ئەمە یەکێک لە هەڵە هەرە گەورە ستراتیژییەکانی سەردەمەکەمان دەبێت، کە بە هەدەردانی ئەو قوربانییە زۆرەیە لە لایەن سەربازانی ئەمەریکاوە دراوە.

بە پێچەوانەوەی پرۆپاگەندەی چەپڕەوەکان، جەنگی ئێراق هەم کارێکی عادیلانە و هەمیش زەروور بوو. بڕیارەکەی ساڵی 2003ی بەڕێز بوش بۆ ڕووخاندنی سەددام حوسێن زۆر چاک پەرەی بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکادا. سەددام سەرۆکایەتی ڕژێمێکی تۆتالیتاری دەکرد کە هەڕەشەیەکی ئاشکرا و زیندووبوو بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لیستی تاوانەکانی درێژ و سامناک بوون. قەسابی بەغدا زیاتر لە ملیۆنێک لە هاووڵاتیانی خۆی کردە قوربانی. ئەو هێرشی کردە سەر دوو دراوسێی ئێراق، ئێران و کوەیت. ئەو سوپاکەی خۆی لەسەر سنووری سعودیە کۆکردەوە، هەڕەشەی دەستبەسەرداگرتنی دابینکردنی نەوتی ناوچەکەی دەکرد. ئەو چەکی کیمیاوی و بایلۆجی لە دژی کورد بەکارهێنا. ئەو کۆمەکی گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی لەسەرانسەری ناوچەکە دەکرد. ئەو ڕێگایدا کەمپی مەشقی گرووپەکانی قایدە لە ئێراق دابمەزرێن. و ئەو بەرنامەیەکی پێشکەوتووی چەکی ئەتۆمی هەبوو.

میدیا هەمیشە ئەوە دووبارەکردووەتەوە کە هیچ چەکێکی کۆمەڵکوژی نەدۆزرایەوە، بەڵام ئەوان هەر بە ئەنقەستیش دۆزینەوەکانی یورانیۆمی پیتێندراو لە چەندین شوێنی ئەو وڵاتە لە لایەن سوپای ئەمەریکاوە پشتگوێ خستووە. لە هاوینی 2006، ئەم یورانیومە کە بۆ چەک دەشیا لە ئێراقەوە گواسترایەوە کەنەدا و دواتریش بۆ ئەمەریکا. واشنتۆن بە دروستی ترسا لەوەی بکەوێتەوە دەست چەکدارانی ئیسلامییەوە، ئینجا ئەوانیش هەوڵی فرۆشتنی بدەن لە بازاری ڕەشی ئەتۆمی نێودەوڵەتی. لەگەڵ کەمبوونەوەی لەسەرخۆی گەمارۆکانی ساڵانی نەوەدەکان، مەسەلەکە تەنها پێویستی کات بوو بۆ ئەوەی سەددام بۆمبی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. ئەم بەڵگەیە زۆر بەهێزە و ناکرێت ڕەتی بکرێتەوە.

هیچ سەرۆکێکی بەرپرسیار، لە وای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 و تێوەگلانی ئەمەریکا لە شەڕێکی مان و نەمان لە دژی جیهادی جیهانی، نەیدەتوانی بهێڵێت ئەو زۆردارەی ئێراق لە دەسەڵاتدا بمێنێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوەش گرنگتر ئەمەریکا سەقامگیرترن لە جیهانێکدا بەبێ سەددام، هەروەها شەڕەکەی ئەمەریکا بووە هۆی دامەزراندنی هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکا. ئێراق نەک هەر دیموکراسییەکەی ساوایە، بەڵکو مۆدێلێکی حکومڕانییەکی لیبراڵ و فرەییە لە ناوچەیەک کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئۆتۆکرانی دواکەوتووەوە دەستی بەسەردا گیراوە. ڕێگاکە بە ئاراستەی ڕێگای سێیەمدا دەڕوات لە نێوان توندڕەویی دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی شمولی عیلمانی: لێکدانی حوکمی خۆیی دەستووری لەگەڵ دابونەریتی موسڵمانان. ئەگەر دامەزراوە دیموکراتییە ئیسلامییەکان لە خاکەکانی مێزۆپۆتامیا جێگیربن، ئەوە دەشتوانن بڵاو ببنەوە. هەربۆیە دراوسێ دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران، سوریا و سعودیە بە نائومێدییەوە کاردەکەن بۆ لەباربردنی پرۆژەی نموونەی ئێراق. ئینجا خەڵکە لەمێژینە چەوساوەکانیان لە هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو شتە دەبن کە ئێراقییان بەدەستیان هێناوە- ئەویش کۆنترۆڵی قەدەری خۆیان بکەن.

ئەمە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بەڕێز بوش کردی. لە بەرامبەر نارەزایی زۆری کۆنگرێس و ڕای گشتی، بەڕێز بوش لە گەرمەی توندوتیژییەکان هەوڵەکانی جەنگی دوو بەرابەر کرد. لە سەرەتای 2007، ئەو پشتیوانی لە زیادکردنی سوپای کرد. زیادکردنی 20 هەزار سەرباز، هاوکات لەگەڵ ستراتیژێتێکی ڕووبەڕوونەوەی توندوتیژی بە زەبر، جەنگەکەی بە ئاراستەیەکی تردا برد. قایدە چاک لێیدرا، پاشماوەی بەعسییەکان بێ هیوا کران و چەکدارانی ئیسلامی بیانیی بە ژمارەی پێوانەیی کوژران. ئەو جەنگە، بە هەموو مەبەست و ئامانجەکانییەوە، بردرایەوە.

هەموو ئەوەی کە مایەوە ئەو یارییە کۆتاییە سیاسەت و دیپلۆماسییەت بوو. بەڕێز ئۆباما سەرکەوتنی بە میرات بۆمایەوە، بەڵام ئەو سەرنەکەوت لەوەی بنیات لەسەر ئەم دەستکەوتە زەحمەت بەدەست هاتوانە بکات، بەڵکو ئەو دەستبەرداریشی بوو. ئەو زوو، زۆر بێباکانە، وجودی سەربازی ئەمەریکای کەمکردەوە. ئەو ڕەتی کردەوە فەرمان بە دیپلۆماتەکانی بکات بۆ ئەوەی لە پشت پەردەوە فشار بەکاربهێنن تاکو چەقبەستووی سیاسیی ئێراق چارەسەربکەن. ئەو هیچی نەکرد بۆ پەرەپێدان بە گواستنەوەی ئێراق بەرەو دیموکراسی و سەقامگیری. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو بە زووترین کات لەوێ دەرچێت، جا بێ گوێدانە دەرەنجامەکانی.

> **لە هەمووی گرنگتر، بەڕێز ئۆباما فەشەلی هێنا لە دروستکردنی هاوبەشییەکی ئەمنی و سیاسی لەگەڵ بەغدا. ئەگەر هەموو هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوو لە ئێراق بکشێنەوە، ئەوە هەموو ئەو قوربانییە پیرۆزانە بە خەسارەت دەچن**

لە هەمووی گرنگتر، بەڕێز ئۆباما شکستی هێنا لە دروستکردنی هاوبەشییەکی ئەمنی و سیاسی لەگەڵ بەغدا. ئەگەر هەموو هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوو لە ئێراق بکشێنەوە، ئەوە هەموو ئەو قوربانییە پیرۆزانە بە خەسارەت دەچن. هەروەک چۆن ئەمەریکا دەیان هەزار سەربازی لە ئەڵمانیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور بۆ دەیان ساڵ لە دوای جەنگە گەورەکان جێگیرکرد، دەبێت ئەمڕۆش هەمان شت بکات.

وجودێکی سەربازی ئەمەریکی درێژخایان دەبێتە هۆی پاراستنی دیموکراسییە تازەکەی ئێراق. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا هێزی خۆی لە ناوچەیەک بەکاربهێنێت کە پڕیەتی لە بەرژەوەندی نیشتیمانی. بنکە سەربازییەکان لە ئێراق دەبنە بەرپەرچدانەوەیەکی ستراتیژی هەوڵە مغامرە ئەتۆمییەکەی ئێران و گەورەبوونی دژایەتیخوازەکەی سوریا. هەروەها، هێزی ئاسمانی ئەمەریکا و هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکانی دەتوانن گروپە ئیسلامییەکانی وەکو ئەلقایدە، تالیبان، حەماس و حزبولا بە ئاسانی لێبدات. ئێراق دەتوانێت ببێتە ڕێگایەکی سەرەکی لە بەرپاکردنی جەنگی دژە تیرۆر. بە کورتی، لە جیاتی ئەوەی پەلە لە دەرچوون بکات، بەڕێز ئۆباما دەتوانێت دانووستاندن بۆ ئەوەی 10 تا 20 هەزار سەربازی ئەمەریکی لەوێ جێگیر بن بەمەبەستی هەیمەنەی هەرێمایەتی ئەمەریکی. ئەوە دەبێتە سەرکەوتنێکی هەردەمی ئەجەندای ئازادیی بەڕێز بوش.

هەر بۆیەشە بەڕێز ئۆباما ئەمە ناکات. ئەو دژە-بوشە، کە ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە لە لیبراڵ فرەنەتەوەیی کە باوەڕی بە ڕازیکردن و فرەیی هەیە. ئامانجی ئەو زیادکردنی هێزی ئەمەریکا نییە، بەڵکو کەمکردنەوەیەتی. ئینجا، ئەو بەرە بەرە دەستکەوتە گەورەکان لەناو دەبات کە بە خوێن پیرۆز و پارەی دنیا بەدەستهاتوون تەنها بۆ ئەوەی بنەما دژە-جەنگییەکەی جێگیربکات. زیاتر لە 4 هەزار ئەمەریکی لە ئێراق مردن و 35 هەزاریش بریندار بووین. نزیکەی 750 ملیار دۆلار لەو جەنگە خەرج کراوە. ئەم قوربانییە زۆرە هەمووی لەبەر خاتری سەرکەوتن ئەنجامدران- ئێراقێکی ئازاد کە بە تەواوی لەگەڵ بەشە گۆی ڕۆژئاوای زەوی دەگونجێت و هاوبەشێکی سەرەکییە لە جەنگی دژی ئیسلامۆفاشیزم. ئەوان ئەنجام نەدران لەبەر ئەوەی خزمەتی ئەجەندای تەدریجی دژە-ئەمەریکایی بەڕێز ئۆباما بکەن.

**و/ ئاری مامشەیی**
**سەرچاوە:**
**Washington Times**



# ئەرکی ئەمەریکا لە ئێراق کۆتایی نەهاتووە

**خەبات: نیا**

لە وتارێکیدا باراک ئۆباما ەرۆکی ئەمەریکا کۆتایی بەفەرمی ئەرکە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە ئێراق ڕاگەیاندن و نزیکەی 100 هەزار سەربازی ئەمەریکی بنکە و بارەگاکانیان بەخشیوە بە هێزە ئێراقییەکان، ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا لە ڕەوشێکی زۆر ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی ئێراق بوو، بەڵام وەک دەگوترێت پابەندبوونێکی گرنگی ئەمەریکایە بە ڕێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوان وڵاتەکەی و ئێراق، بەڵام چاودێرانی سیاسیش دەڵێن: ئەرکەکانی ئەمەریکا لە ئێراق کۆتایی نەهاتووە و بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە پێویستە.

چاودێران هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەن: ئەمەریکا سەرکەوتنی بەدەستهێنا یاخود نا، یەکێک لە باڵیۆزەکانی ئەمەریکا لە ئێراق کە خاوەن ئەزموونێکی سیاسییە لە ئێراقدا ئەم پرسیارەی لە بابەتێکیدا ورژاندووە، ڕایان کرۆکەری باڵیۆزی پێشووتری ئەمەریکا لە ئێراق لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ژێر ناونیشانی (ئێراق پێویستی بەئەمەریکایە) وتارێکی نووسیوە و لەسەرەتایی وتارەکەیدا دەڵێت: لەم ڕۆژانەی دوایدا زۆر شت نوسراوە لە بارەی ئێراق و ساڵیادەکانیەوە. ئابی 1990: ئێراق کوێت داگیردەکات. ئابی 2010 دوا یەکەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا لە ئێراق دەکشێتەوە.

ئایا ئەمانە دوا دەرئەنجامەکانی شەڕێکی 20 ساڵیە؟ ئایا ئێمە بردمانەوە؟ ئایا بردنەوە و سەرکەوتن مانای چیە؟ ئەم پرسیارانە زۆر جیدین بۆ وەڵامدانەوەی وتارەکەی سەرۆک ئۆباما، چونکە ناوبراو ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەرکی سوپای وڵاتەکەی بەسەرکەوتن وەسفکرد، دواتر کرۆکەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەشی شیدەکاتەوە، گرنگی ئابی 1990 زۆر بە گرنگی دەمێنێتەوە. ئەوە دەروازەی ماوەی دوای جەنگی سارد بوو کە تیایدا چەند یاریزانێکی هەرێمایەتی، دەوڵەت و نادەوڵەت، دەیانتوانی کاربکەن بەبێ ئەو ئاستەنگ و سنوردارکردنانەی کە دوو بلۆکە سەرەکیەکە سەپاندبوویان. ئێمە لەو ڕۆژگارە زوانەدا پێمان وابوو تەحەدی و ئاستەنگەکان هەڵن--کە وەڵامێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم داگیرکاریە ڕێگاخۆش دەکات بۆ سیستمێکی نوێی جیهانی بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا.

کرۆکەر بە وردبوونەوەی و خوێندنەوەی واقیعی ئێراق کۆتایی چیرۆکەکەی نەدیوە لە پاشەکشەی هێزەکانی وڵاتەکەی و دەڵێت: هەموو ڕوداوە گرنگەکانی 7 ساڵ و نیوی ڕابردوو، ئێراق هێشتا لەسەرەتای چیرۆکە نوێیەکەیدایە و داهاتویەک کە چەند ڕوداوێک دیاری دەکات کە هێشتا ڕویان نەداوە. ئێمە بەرژەوەندیەکی گرنگ و ستراتیژیمان هەیە لەشێوەی ئەو داهاتوەدا: ئێراقێکی سەقامگیر و پلۆرالیستی کە پەیوەندیەکی نزیکی هەبێت لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوادا دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرەکی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارەبکێشێتەوە. ئێراقێک کە فەوزا یان دیکتاتۆریەتێکی نوێی تیا بەرقەراربێت ئاسایشی هەرێمەکە و ئەمەریکا دەخاتە مەترسیەوە.

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمزی ئەمەریکیشدا ئەو ڕاستییە درکێندراوە، هێشتا ئەرکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ئێراق کۆتایی نەهاتووە و ڕۆژنامەکە واینیشانداوە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا کۆتایی بەئەرکی سەربازی هێزەکانی هێنا لەئێراق، بەبێ ئەوەی ئەرکەکانیان کۆتایی هاتبێت و سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت. لۆس ئەنجلۆس تایمز ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کۆتاییهاتنی ئەرکی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا لەئێراق، مانای ئەوە نییە ئەمەریکا سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت لەو جەنگەدا، یاخود ئەرکەکانیان لەخاکی ئێراق کۆتایی هاتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکە هۆشداری داوەتە بەرپرسانی ئەمەریکا لەدەستێوەردانەکانی ئێران لەناوچەکەداو ڕایگەیاندوە: ئەنجامدانی ئەم پرۆسانە لەئێراق و ئەفغانستان کاریگەری خراپی لەسەر هاوسەنگیی هێز لەناوچەکەدا دەبێت و هەژمونی ئێران لەو وڵاتانە زیاتر دەکات. ئەوەی لە بابەتەکەی ڕایان کرۆکەردا دەخوێنرێتەوە مەترسی هەیمەنەی ئێرانە بەسەر ئێراقەوە، چونکە ناوبراو لە پەرەگرافێکیدا وێڕای هەڕەشەکانی قاعیدە لە ئێراق ئاماژە بەوە دەکات، تاران چاوەڕوانی کشانەوەی ئەمەریکا دەکات تا هەوڵەکانی بۆ شێواندنی ئارامی ئێراق دەستپێبکاتەوە و ئەو زەمینەیەی چەند ساڵێکە لە ئێراقدا لەکیسی چووە بەدەستیبهێنێتەوە.

ڕووداوەکانی دوای ڕاگەیاندنی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکاش ئاماژەگەلێکی تێدایە بۆ بەرزبوونەوەی کردە تیرۆریستیەکانی ڕێکخراوی قاعیدە، وەزارەتی بەرگری ئێراقیش ئەم هۆشدارییەی بڵاوکردۆتەوە و ڕایگەیاندووە، قاعیدە هەوڵەکانی خۆی لە ڕێگای ئەنجامدەری نادیارەوە دەستپێکردووە و بۆ درێژەدان بە کردەی تیرۆریستی، محەمەد عەسکەری گوتەبێژی وەزارەتی ناوبراو بە فرانس پرێسی ڕاگەیاندووە، ڕێکخراوی قاعیدە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە توندوتیژیانەی لە ئێراق ئەنجامیان دەدات، پشت بە (خۆکوژی نادیار) دەبەستێت. عەسکەری ئاماژەی بەوەشکردووە، قاعیدە بۆ کردەکانی ئەمجارە پیشت دەبەستێت بە ئۆتۆمبێلی کرێ یاخود ئۆتۆمبێلی نەفەر هەڵگر. هاوکات زۆربەی چاودێرانی سیاسی و سەربازی ئاماژەی ئەوە ڕووندەکەنەوە ئێراقییەکان زۆر پێویستیان بە مانەوەی سەربازی زیاتری ئەمەریکایە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئێراق بکرێت، چونکە پێکنەهێنانی حکوومەتی ئێراقی دوای ئەو ماوە درێژە زەنگێکی مەترسیداریشە بۆ خودی ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە ئێراق و ناوچەکە.